**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

## بڕیار
## ژمـارە (٩)ی سـاڵی ٢٠٢٠

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٢٩ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠
## یاسای لەئەستۆکردن لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی (١):**

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئـەم زاراوە و دەسـتەواژانەی خـوارەوە ماناکـانی بەرامبـەریان دەگەیەنن:-

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق.

**سێیەم: وەزیری تایبەتمەند**: وەزیری ئەو وەزارەتەیە کە کەسی لەئەستۆکراو تیایدا زیـانی بـە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندوە.

**چوارەم: سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت**: سەرۆکی ئەو لایەنی نەبەستراوەیە بە وەزارەت کە کەسی لەئەستۆکراو تیایدا زیانی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندوە.

**پێنجەم: پارێزگاری تایبەتمەند**: پارێزگاری ئەو پارێزگایەیە کە کەسی لەئەسـتۆکراو تیایـدا لـە سـنوری دیوانی پارێزگا و یەکە کارگێڕییەکانیدا زیانی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندوە.

**شەشەم: دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد**: هەریەکـە لـە وەزیـری تایبەتمەنـد، سـەرۆکی لایـەنی نەبەسـتراو بـە وەزارەت و پارێزگار دەگرێتەوە.

**حەوتەم: موڵك و ماڵی دەوڵەت**: سەرجەم موڵـك و مـاڵی گشـتی و تایبـەتی، گـوازراوە و نـە گـوازراوە دەگرێتەوە، کە خاوەندارێتی بۆ دەوڵەت یـان کەسـە مەعنەوییـە گشـتییەکان دەگەڕێتـەوە، کـە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سوودی گشتی یان بۆ دامودەزگایـەکی گشـتی بەشـێوەی کرداریـی یان بەپێی یاسا، تەرخانکراوە.

**هەشتەم: فەرمانبەر:** هەر کەسێك کە وەزیفەیەکی لەسەر میلاکی دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێم پێسپێردرابێت، بەشێوەی هەمیشەیی یان گرێبەست.

**نۆیەم: ڕاسپێردراو بەڕاژەی گشتی:** هەر کەسێك ئەرکێکی لە خزمەتی دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێم پێسپێردرابێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

**دەیەم: لیژنەی لێکۆڵینەوە:** ئەو لیژنانەن کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو زیانانەی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت دەکەوێت، پێکدێن.

**یازدەیەم: لەئەستۆکردن:** گەڕاندنەوە و پێبژاردنی ئەو زیانانەیە کە لەلایەن فەرمانبەر یان کەسانی ڕاسپێردراو بەڕاژەی گشتی بەر موڵك و ماڵی دەوڵەت دەکەوێت.

**ماددەی (٢)**

فەرمانبەر یان ڕاسپێردراو بەڕاژەی گشتی، بەهای ئەو زیانانەی دەخرێتە ئەستۆ کە بەر موڵك و ماڵی دەوڵەت کەوتوون، بەهۆی هەڵەی بە ئەنقەست، یان کەمتەرخەمی، یان پشتگوێخستن یاخود سەرپێچیکردنی یاسا و بڕیار و پێڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان.

**ماددەی (٣)**

**یەکەم:** پێویستە دەسەڵاتی تایبەتمەند یان ئەوەی هەر کامیان ڕایدەسپێرێت، لیژنەی لێکۆڵینەوە لە سەرۆکێك کە پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت، و دوو ئەندام لە فەرمانبەرانی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیی پێکبهێنێت، بەو مەرجەی یەکێکیان خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت لە یاسادا.

**دووەم:** نابێت کەسێك ببێتە سەرۆك یان ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوە کە پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چواری لەگەڵ داواکراو بۆ مەبەستی لەئەستۆکردن هەبێت.

**سێیەم:** ئەگەر زیاتر لە دۆسییەیەکی تایبەت بە لەئەستۆکردن هەبوو، دەکرێت بۆ خێراکردنی پرۆسەی تێڕوانینیان، دەسەڵاتی تایبەتمەند زیاتر لە یەك لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکبهێنێت.

**ماددەی (٤)**

ئەو فەرمانگە پەیوەندیدارەی کە تیایدا زیان بە موڵك و ماڵی دەوڵەت کەوتووە، لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی زانینی ڕووداوەکە تێپەڕنەکات، دەسەڵاتی تایبەتمەند ئاگادار دەکاتەوە.

**ماددەی (٥)**

**یەکەم:** لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی فەرمانگەی پەیوەندیدارەوە، فەرمانبەر یان ڕاسپێردراو بەڕاژەی گشتی، بەشێوەی نووسراو، بە مەبەستی ئامادەبوون لەکات و شوێنی دیاریکراو لەبەردەم لێژنەکەدا ئاگاداردەکاتەوە، و بۆ هەر ڕێکارێکی تری پێویست سەبارەت بە پێڕاگەیاندن و ئامادەبوون، ڕێسا گشتییەکانی یاسا بەرکارەکانی هەرێم جێبەجێدەکرێن.

**دووەم**: لێکۆڵینەوە بەشێوەی نووسین دەبێت، و لیژنەکە وتەکانی کەسی داواکراو بە لەئەستۆکردن و گەواهیدەرەکان تۆمار دەکات، و دەتوانێت بڕوانێتە ئەو پەڕاو و بەڵگەنامە و زانیارییانەی کە بۆ لێکۆڵینەوە بە پێویستیان دەزانێت.

**سێیەم**: ئامادەنەبوونی کەسی داواکراو بە لەئەستۆکردن، سەرەڕای پێڕاگەیاندنی، ڕێگرنابێت لەبەردەم کاری لیژنەی لێکۆڵینەوە و پێویستە لەسەر گرتنەبەری ڕێکارەکانی بەردەوام بێت.

**چوارەم**: لیژنەی لێکۆڵینەوە دەتوانێت پشت بە کەسانی شارەزا و تایبەتمەند ببەستێت، بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

**ماددەی (٦)**

لیژنەی لێکۆڵینەوە ڕاسپاردەی خۆی بە لەئەستۆکردن یان لەئەستۆنەکردن و هۆکارەکانی، ئاڕاستەی دەسەڵاتی تایبەتمەند دەکات، و دەبێت کۆنوسی کۆتایی لیژنەکە ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:-

**یەکەم**: دیاریکردنی قەبارەی ئەو زیانانەی بەر موڵك و ماڵی دەوڵەت کەوتوون بەشێوەیەکی وورد و ڕوون.

**دووەم**: دیاریکردنی ڕادەی گەورەیی ئەو هەڵە یان سەرپێچی یان کەمتەرخەمی یان پشتگوێخستنەی ئەنجامدراوە و بووەتە هۆکاری زیانگەیاندن بە موڵك و ماڵی دەوڵەت، بە ئەنقەست بووبێت یان نا، هەڵەیەکی مرۆیی ویستراو بووبێت یان نەویستراو.

**سێیەم**: دیاریکردنی کەسی لەئەستۆکراو، هەروەها ئەوانەی بەشداربوون لەگەڵیدا و ڕێژەی بەرپرسیارێتی هەریەك لە بەشداربووان لە هێنانەکایەی زیانەکە.

**چوارەم**: دیاریکردنی پەیوەندی هۆکاری نێوان زیانەکە و هەڵە یان کەمتەرخەمی یان پشتگوێخستن یاخود سەرپێچییەکە.

**پێنجەم**: دیاریکردنی بەهای زیانەکە بە نرخی ڕۆژی ئاڕاستەکردنی ڕاسپاردەی لیژنەکە، لەگەڵ بڕی پێبژاردنی لەئەستۆکراو.

**ماددەی (٧)**

دەسەڵاتی تایبەتمەند لەسەر بنەمای ڕاسپاردەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بڕیاری لەئەستۆکردن یان لەئەستۆنەکردن دەدات، لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی ڕاسپاردەکان.

**ماددەی (٨)**

بڕی لەئەستۆکراو بە یەکجار دەدرێت، و وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت دەتوانێت بیکاتە قیست بۆ ماوەیەك لە (٥) پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، بەرامبەر بە دەستەبەرێکی کەسی یان خانووبەرەیی گەرەنتیکار، و لەم بارەشدا نیشانەی گلدانەوە بە حوکمی ڕەهن لەسەر خانووبەرەکە لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرەی تایبەتمەند، دادەنرێت.

**ماددەی (٩)**

**یەكەم**: حوكمەكانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حكومییەكانی كارپێكراو لە هەرێم، لەسەر كەسی لەئەستۆكراو پیادە دەكرێت، ئەگەر لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێكەوتی شایستەبوونی، پابەند نەبوو بە دانەوەی بڕی پێبژاردنی لەئەستۆكراو یان قیستەكانی نەدایەوە، و بڕیاری بەقیستكردنەكەش بە هەڵوەشاوە دادەنرێت، و ئەو قیستانەی لەئەستۆی ماونەتەوە بە یەكجاری لێی وەردەگیرێتەوە.

**دووەم**: ئەگەر نەكرا بڕی پێبژاردنی لەئەستۆكراو بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حكومییەكان وەربگیرێت، ئەوا مووچەی كەسی لەئەستۆكراو بەپێی ئەو ڕێژانەی كە لە یاسای جێبەجێكردنی كارپێكراو لە هەرێم دیاریكراوە، گلدەدرێتەوە، و ئەمەش ڕێگرنابێت لە گرتنەبەری ڕێكارەكانی هاتوو لە یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حكومییەكانی كارپێكراو لە هەرێم لەسەر هەر مایەیەك كە لەئەستۆكراو لە داهاتوودا دەبێتە خاوەنی.

**ماددەی (١٠)**

**یەكەم**: گواستنەوە یان كۆتاییهاتنی ڕاژەی فەرمانبەر یان ڕاسپێردراو بەڕاژەی گشتی بەهەر هۆكارێك، ڕێگرنابێت لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی لەئەستۆكردن بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**دووەم**: لە حاڵەتی مردنی لەئەستۆكراو، بڕی پێبژاردن دەگوازرێتەوە بۆ سەر ئەو موڵك وماڵەی كە لەدوای مردنی لێی بەجێدەمێنێت.

**ماددەی (١١)**

**یەكەم**: كەسی لەئەستۆكراو دەتوانێت لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێكەوتی پێڕاگەیاندنی یان ئەژماركردنی بە پێڕاگەیەنراو، ڕاستەوخۆ لەبەردەم دەسەڵاتی تایبەتمەند یان لە ڕێگەی فەرمانگەكەیەوە دادخوازی بەرامبەر بە بڕیاری لەئەستۆكردنەكەی پێشكەش بكات.

**دووەم**: پێویستە دەسەڵاتی تایبەتمەند لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێكەوتی وەرگرتنی، بڕوانێتە دادخوازییەكە.

**سێیەم**: ئەگەر دەسەڵاتی تایبەتمەند دادخوازییەكەی ڕەتكردەوە یان لەو ماوەیەی لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە وەڵامی دادخوازیەكەی نەدایەوە، كەسی لەئەستۆكراو لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێكەوتی پێڕاگەیاندنی یان ئەژماركردنی بە پێڕاگەیەنراو بە دەرئەنجامی دادخوازیەكە، مافی تانەدانی لەبڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند لەبەردەم دادگای كارگێڕی هەیە بەپێی حوكمەكانی یاسای ئەنجومەنی شوورا لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨.

**ماددەی (١٢)**

سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بە وەزیری تایبەتمەند دادەندرێت ئەگەر كەسی لەئەستۆكراو وەزیر یان ئەوانەی پلەی وەزیریان هەیە، یاخود سەرۆكی ئەو لایەنە نەبەستراوانە بە وەزارەت بێت كە بە ئەنجومەنی وەزیران پەیوەستن.

**ماددەی (١٣)**

**یەکەم**: ئەو لیژنانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێکدەهێنرێن نابنە جێگرەوە بۆ ئەو لیژنانەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفەتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی بەرکار لە هەرێم دەیانگرێتەوە.

**دووەم**: لەئەستۆکردنی فەرمانبەر یان ڕاسپێردراو بەڕاژەی گشتی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، دەسەڵاتی تایبەتمەند پابەند دەکات بە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و ڕەوانەکردنی دۆسیەکەی بۆ دادگا ئەگەر ئەو کردەوەیەی ئەنجامی داوە بەپێی یاسای سزادانی بەرکار یان هەر یاسایەکی تر ڕەگەزی تاوانکاری تێدابوو.

**ماددەی (١٤)**

ئەم یاسایە لەسەر گشت ئەو دۆسیانەی کە بەپێی یاسا بەرکارەکان لەژێر لێکۆڵینەوەدان و بڕیاری لەئەستۆکردنیان بۆ دەرنەچووە، و ئەوانەشی کە تا ئێستا دۆسیەی لێکۆڵینەوەیان بۆ نەکراوەتەوە پیادە دەکرێت.

**ماددەی (١٥)**

وەزیری دارایی و ئابوری ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (١٦)**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (١٧)**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٨)**

ئەم یاسایە لەڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە پێناو پارێزگاریکردن لە موڵك و ماڵی دەوڵەت لەلایەن فەرمانبەران و ڕاسپێردراوان بەڕاژەی گشتی، لە ڕێگەی چاوپۆشی نەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی پشتگوێخستن و کەمتەرخەمی یان بە ئەنقەست زیان گەیاندن بە موڵك و ماڵی دەوڵەت یان سەرپێچیکردنی یاسا و بڕیار و پێڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٠/١١/٤**